www.kurdistannet.org




گۆشەی "دیمانەی خەیاڵی".. گۆشەیەکە دەکرێت دوو حەفتە جارێک میوانداری بەرپرسێکی کوردستان بکات (هەڵبەتە ئەگەر بەخەیاڵ ڕازی بن!)..

***

لەڕۆژی 15ی 12ی ئەمساڵدا دیسانەوە خەڵکی عێراق و کوردستانی باشور دەبێت بچنەوە بەردەم سندوقی دەنگدان و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرنەوە.. بەڕواڵەت لە دەنگدانێکی دیموکراتی دەچێت و هەموو دەنگ دەرێک بە پەنجەیەکی مۆرکراو و کۆمەڵێک هیواوە لە هۆڵی دەنگدان دێتە دەرەوە، بەڵام کەس نازانێت دواتر تا چەندێک هیوا و ئاواتی بەدی دێت.. ڕەنگە تەنها کات بتوانێت وەڵامێکی ڕاستودروستی ئەو پرسیارەمان بداتەوە.. بەهەرحاڵ هەرچی دەربارەی پارتە کوردیەکانە تەنها هیوای کوردی باشوری کوردستانن، هاوکاتیش هەموومان، تەنانەت سەرکردایەتی هەردوو پارتە گەورەکەش، دەزانین تا چەندێک خەڵکیان نائومێد کردووە.. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هیوای کورد ئەوەیە کە دەنگی هەبێت و بەهەق چەند کەسانێکی دڵسۆزی لە پەڕلەمانی عێراقدا هەبێت کە داکۆکی لە مافەکانی بکات..

ئێمە هیواداریین لەوێشدا پەرلەمەنتارانی داهاتوومان بەهەمان شێوەی پەڕلەمەنتارانی کوردستان خەویان لێنەکەوێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە پەڕلەمەنتارەکانی تر لەو کاتەدا زۆر بە ئاسانی زەفەرمان پێبێنن، ئەوان وەک دەڵێن کلی چاو دەفڕێنن، ئینجا وەرە خەوتبیت..

بۆ ئەوەی بزانین بۆ دەبێت دەنگ بدەینە لیستی کوردی، هەر بە خەیاڵ هانامان بردە لای بەرپرسێکی گەورەی حوکمەت و هیوامانە لەکاتی گفتوگۆدا هەندێ زانیاریمان بۆ ڕونبکاتەوە..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

**دیمانەیەکی خەیاڵی لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای حومکەتدا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی 15ی 12.. سازدانی دیمانە... ئەفسانە**

**دەنگ دانە دەنگ دان.. ئەوەی نەیدات، هیچ وەرناگرێت!**

**ئەفسانە؛ بەڕێزم وەک دەزانین پاش ماوەیەکی کەم دەنگدانە و ئێوەش زۆر بە گەرمی داوا لە خەڵکی دەکەن دەنگ بدەن بە لیستەکەی بەڕێزتان... ئێوە لەبەرابەری دەنگی ئەو خەڵکە نیازتانە چیان بۆ بکەن؟**

وەڵام؛ بەڕاستی بەر لە هەموو شتێک دەمەوێت بڵێم ئێمە لە بارودۆخێکی زۆر زۆر ناسکداین، ئەگەر هەموومان وریا نەبین وەک شوشە وردوخاش دەبێت و هەر پیتەی بەلایەکدا بڵاودەبێتەوە.. ئەم دەنگدانە، هەروەک دەنگدانەکانی پێشوو و هەروەک دەنگدانەکانی داهاتووش، ئەرکێکی نیشتیمانیە و هەموو پاشەڕۆژی گەلی کوردی لەسەربەندە، لەبەرئەوە پێویست بە هیچ گومان و مومان ناکات و ئەرکی سەرشانی هەموومانە کە لە ڕۆژی دەنگداندا ئامادەبین و وەک کوردێکی دڵسۆز چیمان پێدەکرێت بیدەین بە لیستی کوردی.. چونکە هەر ئەو دڵسۆزی میلەتە..

**ئەفسانە؛ ئەوانە هەموویان ڕاستن و هەموومان دەیزانین.. بەڵام بەڕاستی وەڵامی پرسیارەکەمت نەدایەوە و پێت نەگوتم نیازتانە چی بۆ ئەو خەڵکە بکەن کە دەنگتان بۆ دەدات؟**

وەڵام؛ ڕاستە هەموومان دەیانزانین، بەڵام بەڕاستی با واقیعیانە بیربکەینەوە و ئەو ڕاستیەمان بیرنەچێت کە ئێمە خاوەنی شەهیدانین.. با ئەوەمان لەیاد نەچێت کە بە چ شێوەیەک گەیشتووینەتە ئەم سەردەمە.. چەندە قوربانیمان داوە تاوەکو بەم دیموکراسیە موبارەکە گەیشتوین.. تادوێنێ بوو خوێنمژانی سەدام حەشرونەشری پێدەکردین.. کیمیابارانی دەکردین.. ئەنفالی دەکردین.. لەوەوپێش بەهەزارەها گوند و شارۆچکەی ئەم کوردستانە شیرینە بەدەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق خاپوردەکران و هیچ یەکێک لەو حوکمەتانە قەت بە شێوەیەکی جدی ئاوڕی لە بەرژەوەندی گەلی کورد نەداوەتەوە..

**ئەفسانە؛ نەخێر تا ئێستا نەماندیوە هیچ حوکمەتێک ئاوڕ لە کورد بداتەوە، بەڵام من گوتم لەبەرابەری دەنگی ئەو خەڵکە نیازتانە چیان بۆ بکەن؟**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەڵام؛ ئەوە قەیناکە کە ئاوڕیان نەداوەتەوە، بەڵام ترسی ئێمە لەوەدایە کە حوکمەتی داهاتووش هەر وەک حوکمەتەکانی پێشوو دەربچێت.. لەلایەکی تریشەوە لەبیرت نەچێت ئەگەر ئێمە دەنگ بە لیستی کوردی نەدەین، ئەوا لەوانەیە چارەنوسمان بەتەواوەتی بکەوێتە مەترسیەوە.. ڕەنگە سونەکان و شیعەکان چەند کورسیەکی پەرلەمان بگرن و خوا ئەزانێت لەگەڵ کێدا یەکدەگرن.. زۆر بەدوری مەزانە کە دیکتاتۆرکی ترمان لێ قوت ببێتەوە.. ئەوسا دەبێت لە 'دارا' دوو داری دی'یەوە دەست پێبکەینەوە و دیسانەوە بچینەوە شاخ و داخ.. لەبەرئەوە دەبێت دەنگمان لە پەرلەمانی داهاتوودا هەبێت و نەهێڵین مافمان هەروا بە خۆڕایی بخورێت..

ئەفسانە؛ بەڕاستی لەوە دەچێت من بە فەرەنسی قسەبکەم و بەرێزتان بە کوردی.. من دەڵێم؛ لەبەرابەری دەنگی ئەو خەڵکە نیازتانە چیان بۆ بکەن؟

وەڵام؛ بەڵێ فەرەنساش هەروەکو زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە دیموکراتیەکانی دونیا پشتگیری لە هەڵبژاردنی عێراق دەکات و ئومێدەوارە کە کورد دەنگی هەبێت و مافی نەخورێت و دیموکراسی پیادەبکرێت.. هەروەک چۆن ئێمەش هەمان مەبەستمان هەیە و پەیمانمان بە شەهیدان داوە کە بە ئاگابین و نەهێڵین دووبارە ئەنفال و ماڵ وێرانی یەخەی گەلی کورد بگرێتەوە..

ئەفسانە؛ بۆ وەڵامی پرسیارەکەم چی؟

وەڵام؛ بەڵێ ببورە بەڵام ئەو پێشەکیە دەبێت لە هەموو چاوپێکەوتنێک و کۆڕو کۆمەڵێکدا بگوترێت.. بەهەر حاڵ بۆ وەڵامی پرسیارەکەت با زۆر بەڕونی پێت بڵێم ئەمە دەنگدانە دەنگدان، ئەوەی نەیدات هیچ وەرناگرێت.. تەنانەت لە وڵاتە ئەورووپیەکانیشدا هەر وایە.. خەڵکی بەپێ ئەو شتەی کە دەیدات شتێکی تر لە حوکمەتەکەی وەردەگرێتەوە.. بەڵام لەم کاتە ناسکەی ئێستادا گرنگترین شت ئەوەیە کە هەموومان بیدەین بە لیستی کوردی.. چونکە تەنها هەر ئەو لە ساحەکەدایە.. هەر ئەو دڵسۆزی ڕاستەقینەی کوردە.. بەڕاستی لێتناشارمەوە نیازمانە شتێک بدەینە کورد نەک هەر لە ناوچەکەدا بەڵکو تا ئێستا لە جیهانیشدا شتی وا ڕوینەداوە، بەڵام بەداخەوە تەنها دەیدەین بەوانەی کە دەنگمان بۆ دەدەن و ئەوەش شتێکی زۆر سروشتیە و تەنانەت لە ئەورووپاشدا هەر وایە..

ئەفسانە؛ لەبری ئەو هەموو دەنگە تەنها یەک شت دەدەنە خەڵکی؟؟

وەڵام؛ بەڵێ یەک شت، بەڵام باوەڕت هەبێت ئەو شتە ئەوەندە گەورەیە، ئەوەندە فرە لایەنە، لەوە دەترسین ئەگەر هەمووی دەربخەین، نیوەی خەڵکی کوردستان لە خۆشیدا شێت ببن.. شتێکە هەتاهەتایە دەتوانین بەکاریبهێنین و قەتیش کۆن نابێت، شتێکە کوڕی کوڕی کوڕەکەشمان لەپایدا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەحەسێتەوە.. شتێکە هەروەک دار سنەوبەر هەمیشە تەڕو سەوزە، هەمیش پڕلەژیانە.. ئەمەنە خۆشە ئەمەنە خۆشە، خۆشیەکەی قەت قەت تەواونابێت.. باوەڕناکەم هیچ حوکمەتێک لە هیچ شوێنێکی تری دونیادا لەو جۆرە شتە و بەو شیوەیەی ئێمە نیازمانە، لەبری دەنگدان دابێتی بە خەڵکەکەی.. وای کە ئەو شتە خۆشە خوایە گیان.. ئمم لە ئێستاوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم..

ئەفسانە؛ خەریکە دڵم دەتەقێ، توو ئەو خوایە ئەگەر ئەو شتە نهێنی نیە کەمێکم بۆ باسبکە..

وەڵام؛ ئێمە کوا نهێنی و ئەو جۆرە شتانەمان هەیە، ئەوەی لە دڵماندایە لەسەر زمانیشمانە.. ئەوە نیە بۆ هەر شوێنێک دەچین کامێرامان بەدواوەیە و دواتر پەنجا جار لە تەلەفیزۆنەکانەوە لێیدەدەنەوە.. بەکورتیەکەی نیازمانە وەکو جاری پێشوو هەمان هەڵە دوبارە نەکەینەوە و تەنها دوو سێ پەیمانی بچکۆلە بدەین، ئەمجارەیان دەمانەوێت 'پەیمان'ێکی هەر زۆرزۆرزۆر گەورە و فرەلایەن بدەین بەو خەڵکانەی کە دەنگمان بۆ دەدەن.. بەک بەک بەک لەو پەیمانەی کە دامانناوە.. پەیمانێکە کە تا ئێستا کەس بە خەیاڵیدا نەهاتووە.. لە مێژوودا شتی وا ڕوینەداوە.. هێندە گەورەیە بەچەندەها ساڵ دەتوانین خەوی خۆش خۆشی پێوە لێبەین..

ئەفسانە؛ پەیمان!! ئەی خوایە گیان لێت بەزیاد بێت.. ئۆخەی خوایە گیان.. باوەڕت هەبێت زۆربەی خەڵکی توشی نائومێدی بووبوون، بەڵام وەک دەفەرموویت پەیمان دەدەن، خوایە گیان زۆر سوپاس بۆ تۆ.. زۆر سوپاس بۆ ئێوەش.. بەڕاست ئەو پەیمانە چی و چی دەگرێتەوە؟

وەڵام؛ جا چی ناگرێتەوە! هەموو شتێکی تیایە، هەرچیت بەخەیاڵدا دێت لەو پەیمانەدا هەیە.. هەرکەسێک و بەدڵی خۆی.. خەڵکی چی دەوێت، ئێمە پەیمانی ئەوەی دەدەینێ.. باوکم توو ئەو خوایە لە ئەوروپاشدا شتی وا ڕویداوە؟ لە هیچ شوێنێکی دونیادا شتی وا بووە؟

ئەفسانە؛ وەڵا ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەمە یەکەمین جارە لە مێژودا شتی وا ڕوبدات.. باشە بۆ نمونە ئەگەر من بمەوێت دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن، ئەتوانن ئێوە پەیمانی ئەوەم بدەنێ؟

وەڵام؛ کورە ئەی بۆ ناتوانین، من لە ئێستاوە ئەو پەیمانەت دەدەمێ کە دەوڵەتێکی کوردی بۆ تۆ دابمەزرێنین.. بەس بۆ تۆ، بڕۆ بۆ خۆت هەر تەراتێنی تیابکە.. تووخوا هیچ کەسێکی تر دەتوانێت ئەو پەیمانەت بداتێ؟ جا ئەوە چیە، ئەوە هەر هیچ نیە.. ئەگەر دەزانیت لە داهاتوودا نیازی چ پەیمانێکی گەورەمان هەیە، هەر لە ئێستاوە ڕادەکەیت سەرەدەگریت بۆ دەنگدان.. ئەوەندە گەورەیە هەر مەزەندەی ناکەیت.. هەر بۆ نمونە لەداهاتوودا پەیمان دەدەین جگە لە کارەبا و ئاو و نەوت و بەنزین و ئەو شتە وردانە، نیازمانە لە هەر گەڕەکێکدا باخچەیەک بۆ منداڵان بکەینەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و پڕی بکەین لە تڕوتفاقی یاری منداڵان.. پەیمان دەدەین یانەیەک بۆ گەنجان بکەینەوە کە کاتێکی بەسودی تیادا ببینن.. ئینجا بۆ هەر گەڕەکێک بەتەماین پەیمان بدەین مەلەوانگە و قاوەخانەی تایبەتی بۆ دابنێین.. پەیمان دەدەین لە هەموو گەڕەکێکدا چاپخانەیەک دابمەزرێنین بۆ ئەوەی خەڵکی ئەرک نەکێشن و بۆ چاپکردنی کتێب و بیروڕا و قسەکانیان بچنە ناو بازاڕ.. ڕۆژنامە بۆ هەموو گەڕەکێک دادەنێین، خەڵکی دەبێت دەنگی هەبێت و ئێمەش پەیمان دەدەین ئەو فرسەتەیان بۆ بڕەخسێنین و پەیمانیش دەدەین گوێ لە بیروڕاکانیان بگرین.. تووخوا تۆ خۆت پێم بڵێ، لە باوکی ئەورووپاشدا شتی وا هەیە؟ نهێنیەکی بچکۆلەشت پێبڵێم؟

ئەفسانە؛ فەرموو.. فەرموو..

وەڵام؛ پەیمان دەدەین بە هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا عەرزەیان وەرنەگرتووە، نەک عەرزە بگرە خانووەکەشیان بۆ دروستدەکەین، ئینجا نیازمانە لەدوای ئەوەی هەموو خانووەکانمان دروستکرد و کارەبامان گەیاندە هەموو سوچ و قوژبنێکی ئەم کوردستانە ستەمدیدەیە، پەیمانبدەین کە ئینتەرنێتی بەلاش لە ڕێگەی کارەباوە بۆ هەموو ماڵێک دابین بکەین.. بۆ ئەوەی هەمووان سود لەو تۆڕە پڕ لە زانیاریە ببینن.. تەنانەت لادێکانیشمان، تۆ هەر خۆت ئەو حاڵەتە بهێنە بەرچاوت کە 'مام وەسمان' و 'پورە حەبێ' خەریکی 'داونلۆکردنی فۆنتە کوردیەکان بن'.. چەندە سودمەند دەبێت ئەو وەختە.. ئێمە چەند پەیمان بە شارەکان دەدەین، ئەوەندە پەیمانیش بە لادێکان دەدەین.. تووخوا تا ئێستا لە باوکی ئەورووپاشدا هیچ حوکمەتێک شتی وای بۆ خەڵکەکەی کردووە؟ بەڕاستی دەبێت ئەورووپاش لە داهاتوودا کراسێک لە ئێمەوە دابدڕێ.. بەڵام دەڵێی چی، هەر خۆمان نەگبەتین و چارەمان ڕەشە..

ئەفسانە؛ ماڵ.. خانوو.. ئینتەرنێتی بەلاش، ئەی هاوار کە خۆشە! نەوەڵا من خۆم تائێستا نەمبیستووە لە هیچ وڵاتێکدا شتی وا کرابێت.. بەڵام بۆ بڕیارتان داوە ئەو هەموو پەیمانە بدەن؟

وەڵام؛ پرسیارەکەت بە جێیە.. فەیلەسوفێکی مەزنی هیندی دەڵێ؛ "سیاسەتمەندهایێ ئازدی و ئازاهێ.. تکاهێ دۆشدانەماهێ کە چارەنەماهێ. مەترسیهێ گەلهایێ، بیدە پەیمانهایێ، کارهێ چارەسەرهایێ"..

ئەفسانە؛ بۆ خاتری خوا من هیندیەکەم هێندە بەقوەت نیە، ئەوە یانی چی؟؟

وەڵام؛ زۆر بەکورتی یانی 'سیاسەتمەندارانی نەبەردی ڕێگای ئازادی، تکایە ئەگەر چارەتان نەما دۆشدانەمێنن و مەترسن.. ئەتوانن پەیمان بە گەلەکەتان بدەن و خەمتان نەبێت دواتر هەر

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەردەکەون و کارەکان چارەسەردەبن'.. کاتی خۆی ڕێک قسەی ئەو فەیلەسوفە هەموو هیندستانی ڕزگارکرد، ئێ ئێمەش هەروا دەکەین، بەڵام دەڵێیت چی چونکە کوردین هەردەبێت هەمیشە بۆڵەبۆڵمان بەسەردا بکەن.. بچوکترین شت دەهێنەوە و لێت دەکەن بە هەڵا.. هەر بۆ نمونە لە کۆبونەوەیەکی ئاسایی پەرلەماندا برادەرێکمان سەرخەوێکی شکاند، کردیان بەفەرتەنە و بەهەزار شێوە لەسەریان نوسی.. ئێمە نازانین چی لەم خەڵکە بکەین، پەیمانی هەموو دونیاشیان بدەرێ، هێشتام هەر ڕازی نابن.. بەڕاستی نازانین ئەم خەڵکە بە چی دڵیان خۆشدەبێت؟ نازانین ئەم خەڵکە چیان دەوێت؟

ئەفسانە؛ وەڵا چوزانم لەگەڵ ئەو هەموو پەیمانە گەورانەدا مەگەر لە خۆشیدا شێت بن..

وەڵام؛ وەڵا ڕاستدەکەیت، لەم دوادواییەدا کۆمەڵێک شێت کەوتوونەتە بازاڕاوە و کەس نازانێت بۆ شێت بوون، وابزانم بیستویان حوکمەت نیازی ئەوەی هەیە پەیمانێکی گەورەیان بداتێ.. ڕاست دەکەیت لە خۆشیدا شێت بوون، بەشەرتێک هێشتام پەیمانەکانمان بڵاونەکردۆتەوە.. ئا ئەمە یەکەمجارە باسیان دەکەین.. ئینجا بزانە ئەم خەڵکەی ئێمە چەندە پەرۆشن.. بەڕاستی لەوە دەترسم ئەگەر هەموو ئەو پەیمانانەت بۆ باسبکەم کە نیازمانە لە داهاتوودا بیدەین، نیوەی گەل لەخۆشیدا شێت بێت.. نهێنیەکی تریشت پێبڵێم؟

ئەفسانە؛ توخوا خێرا پێم بڵێ، خەریکە شێت ئەبم.. ماسیەک دەبینم بەسەر پەیژەی شەپۆلە سەوزەکانی سەر سنوردا هەڵدەگەڕێ..

وەڵام؛ حسابی ئەوەشمان کردووە... ئێمە دەزانین نزیکەی دوو لەسەر سێی ئەم میلەتە لەدوای بیستی پەیمانەکانمانەوە لە خۆشیدا شێت دەبن.. لەبەرئەوە بڕیارمان داوە لە هەموو گەڕەکێکدا دوو سێ شێتخانەش بکەینەوە.. لەوەشیاندا هەر ئینسانی بیرمان کردۆتەوە، ڕاستە شێت شێتە، بەڵام دەبێت وەک هەموو کەسێکی تر تەواوی مافەکانی خۆی هەبێت.. ئاااا بیرم چوو پێت بڵێم..

ئەفسانە؛ چی تر بۆ خاتری خوا؟؟ هەست بە شتێکی سەیر دەکەم.. وابزانم خەریکە لە خۆشیدا بفرم.. ئەو هەموو پەیمانە!!! چەند کۆترێکی پەمەیی دەبینم لە ئاسمانێکی ڕەنگ هەنجیریدا هەڵدەفڕن.. باوکیشم لەولاوە قاچی ڕاکێشاوە و ئەڵێ ئادەی ڕۆڵە چایەکی گەرمم بۆ بهێنن.. خوایە گیان لێت بەزیاد بێت.. تا ئێستا وامزانیبوو لەبری دەنگدان هیچمان نادەنێ، بەڵام وا دەرکەوت 'پەیمان'نمان دەدەنێ، چ پەیمانێکیش هەریەکەو بە ئارەزووی خۆی.. ئەرێ کەی سنوقەکان دەکەنەوە؟

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەڵام؛ بیرم چوو پێت بڵێم.. ئەو ئەوروپایەی کە بووە بە کۆڵی شێر و گەنجان و گەورەکانیش خەونی پێوە دەبینن.. لەداهاتوودا پەیمان دەدەین هەر کەسێک بیەوێت لەسەر مەسرەفی ئێمە بەئارەزوی خۆی سەفەری هەموو ئەوروپا و مەوروپا بکات و دواتریش گەر ئارەزویکرد بڕواتەوە، هەر ئەوەندەی لەسەر دەبێت داوای بکاتەوە و ئێمەش پەیمانەکەی بۆ تازە دەکەینەوە.. تووخوا لە باوکی ئەوروپاشدا شتی وا هەیە؟

ئەفسانە؛ کەواتە ئەم شەو سەفەرێکی خۆشدەکەم.. دونیا جێدێڵم و ماچی خاک دەکەم.. قتویەک یادگاری لەگەڵ خۆمدا دەبەم و بەیەکجاری ماڵ ئاوایی دەکەم.. ژنێکی ڕەشپۆش دەستم دەگرێت و دەڵێ 'بڕۆ، بەڵام منت لەیادبێت'.. منیش سەرێکی بۆ دەلەقێنم و بەدڵ پێی دەڵێمەوە 'نەک هەر تۆ، بەڵکو هەموو خەمی ئەم نیشتیمانەم لەیاد دەبێت'... تووخوا هەقی خۆی نیە؟

وەڵام؛ بۆ نا، بەڵام قسەی خۆمان بێت وابزانم تۆش خەریکە قسەی هەلەق و مەلەق دەکەیت..

ئەفسانە؛ وازم لێبێنە گوڵم.. بەس بمرەنجێنە دڵم.. وازم لێبێنە گوڵم.. بەس بمرەنجێنە دڵم.. وازم لێبێنە گوڵم.. من هیچم ناوێ دڵم..

26.11.2005

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com